# هیوا و مەرگ

**مستەفا چوارتایی**
chuartaiy@gmail.com

تۆ باسی هیوام بۆ دەکەی
هیواش واتە چاوەڕوانی
چاوەڕوانی بێ سنووربێ
دەمبا بەرەو ماڵوێرانی

درەختێک چەند دەکرێ بژی
بە هیوای بارانی بەهار
گەر نەباری و وشکە ساڵ بوو
دەبێ بۆ کێ بەرێ هاوار

بیستووتە ساڵی گرانی
هەزارەها
خەڵک تیاچوون
چاوەڕوان بوون
بێ شێو سەریان ناوەتەوە
چۆن خەوتوون
هەر ئاوا مردوون

لەم ژیانە ئاڵۆزەدا
هیوای من تۆی
ئای کە بۆت بەشەوق وتاسەم
لۆمەم مەکە کە دەترسم
ڕۆژی مەرگی خۆم دەزانم
ئەو ڕۆژەی کە بەجێمدێڵی
دەبڕێتەوە
دوا هەناسەم

ئەڵمانیا ـ کوێلن ـ 29. 9. 2006